# ناوبەند لە کاری (داخوازی)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

شەممە (٢٠٢٣/١١/٤)

لای هەمووومان ڕوون و ئاشکرایە، جاران واتە پێش ئەوەی گۆڕانکاری لە کتێبی کوردیی پۆلی دوازدەیەمدا بکرێت، ناوبەندی (ر) لە کاری داخوازی بەکار دەهات، وەک:

بدۆزەرەوە

بکەØرەوە، ... هتد

بەڵام ئێستا و دوای پێداچوونەوەی کتێبەکە ناوبەندی (ر) نەماوە و کۆمەڵێک گرفتیشی دروست کردووە، واتە بەکورتی ئێستا لە کاری داخوازی بە هیچ شێوەیەک باسی ناوبەند ناکرێت.

ئەوەی مەبەستی منە ئەمەی خوارەوەیە:

چاوگی (هاتن) لە ڕووی هێز و کاریگەرییەوە چاوگێکی تێنەپەڕە، لە ڕووی پێکهاتن و ڕۆنانیشەوە چاوگێکی سادەیە.

قەدی چاوگی (هاتن) بریتییە لە (هات).

ڕەگەکەی بریتییە لە دوو پیت، کە (هێ)یە، پیتی (هـ)ی سەرەتای ڕەگەکەش دەسوێت و لە ئەنجام و کۆتاییدا ڕەگەکە کورت دەبێتەوە و دەبێت بە یەک پیتی بزوێن، کە بریتییە لە (ێ).

کەواتە ڕەگی چاوگی (هاتن)یش بریتییە لە (ێ).

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

کاتێک کاری داخوازیی ئەرێ لەم چاوگە دروست دەکەین، پێویستمان بە ڕەگە، واتە (ێ)، بەم یاسایە دروستی دەکەین:

بـ + ڕەگی کار + ک٤

بـ + ێ + Ø = بـێØ.

بـ + ێ + ن = بێن.

لێرەدا جێناوی کەسیی لکاوی دووەمی تاک و کۆ (Ø/ ن) بەکار دێت، لە کۆتاییدا کارەکە فۆڕمی (بـێØ.) و (بێن.) وەردەگرێت.

ئێستا دەمانەوێت کاری (بـێØ.) و (بێن.) بکەین بە نەرێ، ئاشکرایە، کە بە ئامرازی (مە) نەرێ دەکرێت و دەچێتە شوێنی (بـ)، واتە ئێمە (بـ) لادەبەین و (مە) لە شوێنی دادەنێین و دەبێت بە (مەێØ.) و (مەێن.)، بەڵام لێرە دوو پیتی بزوێن کەوتوونەتە تەنیشت یەک، ئەویش بزوێنی (ە)ی کۆتاییی نیشانەی (مە) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە، بەپێی یاسای زمانی کوردی نابێت دوو پیتی بزوێن بکەونە تەنیشت یەکەوە، بەڵام بەناچاری دەبێت ناوبەندی (یـ = y) لەنێوان بزوێنی (ە)ی کۆتاییی نیشانەی (مە) و بزوێنی (ێ)ی ڕەگەکە دابنێین، ئەو کاتە فۆڕمی کارەکە دەبێت بە (مەیـێØ.) و (مەیـێن.)، کە پێک هاتووە لە (مە + یـ + ێ + Ø) و (مە + یـ + ێ + ن)، ئەمە بەپێی زمانی کوردی و جێبەجێکردنی یاسای زمانەکەمان ئاوایە.

کەواتە کاری داخوازیی (بێ) و (بێن)، کە دەیانکەین بە نەرێ پێویستمان بە ناوبەند هەیە و بەبێ ناوبەند، نە دەنووسرێن، نە دەوترێت، بەڵام ناوبەندی (ر)یش بەکار ناهێنین و وەریناگرن، بەڵکو سوود لە ناوبەندی (یـ = y) وەردەگیرێت.

مامۆستا (عبداللە عبدالقادر علی)

**خاڵێکی تریش ئەوەیە، زۆربەی هەرە زۆرمان بەو شێوە ڕێزمانی و دروستەش نایاننووسین لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بەڵــکو بەشێوەی (مەیەØ.) و (مەیەن.) دەیاننووسین.**

**بە بۆچوونی من، ئەمەش گرفتە، چونکە لەلایەک فۆڕمە دروستەکە بریتییە لـــــــــــە (مەیــێØ .) و (مەیــێن.)، نەک (مەیەØ.) و(مەیەن.)، لە لایەکی تریشەوە کوا (ێ)ی ڕەگی کار لە (مەیەØ.) و (مەیەن.)دا؟! هەروەها (یە) لە (مەیەØ.) و (مەیەن.)دا چییە؟ ئەگەر بڵێین (یـ) ناوبەندە، ئایا (ە) چییە؟ ڕەگی کارە؟ ئەگەر ڕەگی کارە، ڕەگی کاری چ چاوگێکە؟ ئایا لە زمانی کوردیدا چاوگێکمان هەیە ڕەگەکەی بریتی بێت لە (ە) بەتەنیا؟ خۆ ڕوون و ئاشکراشە ڕەگی چاوگی (هاتن) بریتییە لە (ێ)، نەک (ە)، خۆ ناشکرێت کاری ڕانەبردوو ڕەگی تێدا نەبێت.**

**هەروەها (ە) جێناوی لکاویش نییە، چونکە کە دەیگۆڕین بۆ کۆ، دەبێتە (مەیەن) و (ە) دەمێنێتەوە.**

**بۆیە پێشنیاز دەکەم، لـــــــــــە زمانی نووسیندا بگەڕێینەوە بۆ فۆڕمە دروستەکەی و (مەیــێØ.) و (مەیــێن.) بنووسین.**

---

ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)